# خەباتی کوردستان بۆ ئازادی

## شۆرشی 1961 – 1975



کاوە ئەمین

ئەم نووسینە پێشکەشە بە یادی هەموو ئەوانەی کە لە شۆڕشی ئەیلولدا گیانیان بەخت کرد، لە ناویاندا باوکم (شەهید حەمە ئەمین گولچین) کە لە ١٦ ئابی ١٩٧٤ دا، لە داستانی چیای کۆڕز شەهید کرا

## چەند پەیڤێک

شۆڕشی ئەیلول زۆر لەم نووسینە زیاتر هەڵدەگرێت و گەلێک کەسیش بە مەبەستی جۆراوجۆر لە سەریان نووسیوە و گەلێک پێناسەیان بۆ کردووە، هەندێک بە شۆڕش و هەندێکی تر بە یاخیبوون و سەرهەڵدانی عەشایەرەکانی کوردستان ناوزەدیان کردووە، بەڵام ئەمانە هیچیان ناتوانن لە گرنگی ئەو ڕوداوە مێژوویەی کە بووەتە لاپەرەیەکی گرنک لە مێژووی نوێی کوردستاندا کەم بکەنەوە. ئەوانەی کە لەم شۆڕشەدا بەشداریان کردووە و بەتایبەتی ئەوانەی کە گیانی خۆیان کردە قوربانی جگە لە کوردایەتی و وەدەرنانی داگیرکەر لە کوردستاندا مەبەستێکی تریان نەبووە.

کاتێک شۆڕشی ئەیلول هەرەسی هێنا کە لەدەرەجەی یەکەمدا ئەو گەلەکۆمەکیە نێونەتەوەییەیەی کە بەدژی کورد لە جەزائیر کرا و کێشە ناوخۆیەکانی کوردستان بە هۆی سەرەکی دەژمێردرێن لە ڕوخانی شۆڕشەکەدا. بەڵام خەڵکانێکی هەلپەرست و کوڕی ڕۆژ کە هەمە کارەبوون لە شۆڕشدا، ویستیان هەموو خەتاکە بخەنە ئەستۆی سەرکردەی شۆڕشەکە مستەفا بارزانی. هەر بۆیەش بۆ خۆدەربازکردن لە بەرپرسیارێتی دەستیان دایە قەڵەم و خۆیانکرد بە پاڵەوان، بەڵام پاشان دەرکەوت کە شێرە بەفرینەش نین و

کوردســتانیان ڕوبــەڕوی دەیــان هەڵــدێر و نوشســتی کــردەوە و چاکترین ڕۆڵەکانی گەلی کوردیان کردە قوربانی ئەوەی کە ناویان نابــوو ململانێــی ئایدۆلۆژیــی و نوێخــوازی و کــۆنە خــوازی و چەپگەرایــەتی، ئــەوەتا ئێســتا هەمــوویان بەچەپ و ئیسلامی و ڕاســتیانەوە لەیەک کانی کە ئەویش کانی ئەو ئیمپریالیزمەیە کە دەیان ساڵ دژایەتیان کردوو،ئاو دەخۆنەوە. ئەوان سۆڤیەتیان لە کورد کردبووە بەهەشتی سەر زەمین و ئەوەی بیگوتایە کوردایەتی دەکەوتە خانەی کۆنەپەرستی و ئیمپریالیزمەوە.

لــەم نووسینەدا هەوڵمداوە لە چوارچێوەیەکی ئەکادیمیدا کارەکەم بە ئەنجام بگەیەنم و وەکو بێلایەنێک لەدەرگای باسەکان بدەم. لە بەرئەوەی نووسینەکە بە زمانی سوێدی نووسراوە و بۆ زانکۆیەکی ســوێدی، بــۆیە ئەگــەر هــەر لە بنەڕەتدا بە کوردی بمنووسیایە هەندێک شتم زەقتربکرادیەتەوە. نووسینەکەم لە زمانی سوێدیەوە کــردۆتە کــوردی و ڕەنگــە لێرە و لەوێ هەندێک دەستکاری کەمم کردبێت کە هیچی کاریگەری لەسەر ناوەڕۆکی باسەکە نەکردووە.

ئــەم نووسیەنە لە ژمارە نۆی گۆڤاری (لێکۆلینەوەی کوردستانی) بــەهاری٢٠٠٣ دا کــە بــە چــوار زمــان لــە ســوێد دەردەچــێت و سەرنووسەرەکەی (خالید یونس خالید)ە، بڵاوکراوەتەوە لە بەشە سوێدیەکیدا.

١- دەستپێک

"شــاخەکان تــەنها هاوڕێمانن"، ناوی کتێبێکی نووسەری سوێدی (تــۆرد ڤالســترۆم)ە[1] کە لە ساڵی ١٩٧٥ دا نووسراوە، دروست ئەو ساڵــەی کــە شۆڕشی چواردە ساڵەی کوردەکان هەرەسی هێنا، لە نەتــیجەی ڕێکەوتنی هەردوو دەوڵەتی داگیرکاری عێراق و ئێران،

[1] Wallström, Tord, Bergen är våra enda vänner.1975

که به ڕێکەوتنی شەشی ئازاری[2] ۱۹۷۵ ناسراوە و لە جەزائیر ئیمزا کـرا. هــەمان کــات ناونیشــانی ئــەو کتێبە پەندێکی کوردیشە کە تەعبیر لە چارەنووسی ئەو گەلە دەکات.

خــەباتی کــوردان باڵــی بەسەر مێژووی عێراقدا کێشاوە و بووەتە هــۆی سەرهەڵــدانی کێشەی سیاسی و پێکدادانی سەربازی هەم لە ناوخــۆی ئەو وڵاتە و هەمیش لەگەڵ دراوسێکانیدا. شۆڕشی کورد کــە لەساڵــی ۱۹٦۱ دا دەســتی پێکــرد درێژترین و بە کاریگەرترین سەرهەڵدانی کورد بوو تا ئەوکاتە بە تایبەتی لە پەیوەندی لەگەڵ بەشداری کردنی کوردەکاندا لەناو شۆڕشەکەدا.

مێــژووی ئــەم خەباتــە بــە ئاکــام نەگەیشتووە بە دژیی دەوڵەتی عێــراق لە بەینی ساڵانی ۱۹٦۱ - ۱۹۷۵ مێژوویەکی تراژیدیە، بەڵام لاپەرەیەکی گرنگی مێژووی نوێی کوردیشە.

گەلــێک لــە لێکۆڵــەرەوانی کورد و غەیرە کورد، هەڵبەت لەدیدی جیاواز و بە مەبەستی جیاواز لەسەر ئەم شۆڕشەیان نووسیوە.

شــەڕ و پــێکدادان باڵــی بەســەر شۆڕشــی ۱٤ ساڵــەی کــوردانا کێشــابوو، ئەمــە سەرەڕایی ئەو هەوڵە بە ئامانج نەگەیشتوانەی کە درابوون بۆ چارەسەری کێشەکە بە شێوەیەکی ئاشتیانە، هەتا ئــەو کاتــەی کــە هەردوو لایەنی شەڕکەر توانیان هەندێک هەنگاو بهاوێــژن و ڕێکەوتــنامەی ۱۱ ئازاری ۱۹۷۰ ئیمزا بکەن کە توانرا بۆ ماوەی چوار ساڵان ئاشتی بەرقەرار بکات.

خــەباتی کوردەکان لەلایەن مستەفا بارزانیەوە[3] ڕابەرایەتی دەکرا کــە هــەمان کات سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردتسانیش بوو. لە

[2] لە بەشەکانی داهاتووی ئەم نووسینەدا بە درێژی باسی ڕێکەوتنی جەزائیر دەکەم.

[3] مستەفا بارزانی لە ساڵی ۱۹۰۳ دا لە بنەماڵەیەکی ئاینی لە دایک بووە. بنەماڵەی بارزانی دەورێکی گرنگیان بووە لە سەرکردایەتی بزوتنەوەی ئازادی خوازی کورد دا لە سەدەی ڕابردوودا و هەتا ڕۆژانی ئیمڕۆش. بارزانی سەرکردایەتی سێ شۆڕشی

سەرەتادا، شۆڕشی کورد بە تەواوەتی بەرنامەڕێژیی بۆ نەکرابوو بەو مانایەی کە ئامانجێکی ڕوون و ئاشکرا بخاتە پێش خۆی، بەڵکو بەرپەرچادانەوەیەکی پەرچەکردارییانەی خاوەن زەویەکان بوو بە دژی ئەو ڕیفۆرمە کشتوکاڵیانەی کە ڕاستەوخۆ هەڕەشەی لە دەسەڵاتی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری خاوەن زەویەکان دەکرد لەناو کۆمەڵگای کوردەواریدا.

پارتی دیموکراتی کوردستان ئەو هەلەی قۆستەوە و دەستی گرت بەسەر ڕاپەرینی عەشیرەکاندا، هەرئەوەش وای کرد کە شۆڕشەکە چوارچێوەیەکی سیاسی لە خۆیی بگرێ و هەڵبگێردرێتەوە بۆ بزوتنەوەیەکی ڕزگاریخوازیی نەتەوەیی.

ڕەوەشی سیاسی نێونەتەوەیی و ناوچەکەش کاریگەری خۆی لەسەر کێشەکە دانا. ئەمریکا و سۆڤیەت کە بەبەردەوامی لە ململانێی یەکتریان دەکرد و لە دژایەتیەکی بەردەوامدا بوون. لەگەڵ ڕژێمە جۆراوجۆرەکانی ناوچەکە پەیوەندی دۆستانەیان دەبەست تا بەو شێوەیە بتوانن لە دەسەڵاتی یەکتر کەم بکەنەوە بەتایبەتیش لە کەنداوی فارسدا. دەمەقاڵەی عێراق و ئێران لەسەر شەتولعەرەب درێژەیی هەبوو هەردووک لایان خۆی بە خاوەنی دەزانی.

---

بەدژی مەلیکەیت لە عێراقدا لەساڵانی ١٩٣١، ١٩٤٣، ١٩٤٥ دا کردووە. بارزانی لە دروستکردنی کۆماری کوردستاندا کردووە ساڵی ١٩٤٦ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بە پێشەوایەتی قازی موحەمەد کە تەنها ١١ مانگ ژیا. کاتێک کۆمارەک ڕوخا لە هەمان ساڵدا، بارزانی ڕازیی نەبوو تەسلیمی ڕژێمی ئێران و عێراق ببێت بەڵکو لەگەڵ ٥٠٠ لە هەڤاڵانیدا ڕویان کردە سۆڤیەت و ١١ ساڵ لەوێ مایەوە تا ساڵی ١٩٥٨. بارزانی لە ساڵی ١٩٧٩ لە ئەمریکا کۆچی دوایی کردوو هەمان ساڵ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە ئامادەبوونی نیوملیون کورد بە خاک سپێردرا و ساڵی ١٩٩٣ تەرمەکەی گوازترایەوە بۆ گوندەکەی خۆی بارزان و لەوێ بە خاک سپێردرا.

ڕژێمـی ئێرانی لەگەڵ سەرکرادیەتی پارتیدا پەیوەندی گرێدابوو و بەشـێوەیەکی چالاکانـە هاوکـاری دەکـردن هەتا هەرەس هێنانی شۆڕشەکە لە ساڵی ١٩٧٥ دا. کێشەی کورد سەرنجی جیهانی بۆ لای خـۆی ڕاکێشـا کاتـێک ئەمـریکا و ئیسـرایل خـۆیان لە کێشەکە هەڵقورتاند.
بـەری گفـتوگۆکانی سـەرکردایەتی کـورد و عێـراق، پەیمانی ١١ ئـازاری لێکەوتەوە، کە چەندین خاڵی لە خۆی گرتبوو و هەردولا لەسـەر ئـەوە ڕێـک کەوتـبوون کـە لەماوەی چوار ساڵدا هەموو بەنـدەکانی پەیمانەکـە جـێ بەجێ بکرێت. بەڵام لەساڵی ١٩٧٤ دا شـەڕ سـەرلەنوێ دەسـتی پێکـردەوە تـا مانگـی مارسی ١٩٧٥ ی خایانـد.کـوردەکان شەڕەکەیان دۆڕاند، کاتێک چارەنووسیان لە کۆبـوونەوەی جـەزائیر دیـاری کـرا. عێـراق و ئێـران تونـیان پەیمانێکـی ئاشـتی مـۆربکەن و کۆتایـی بە کێشە سنوورەکانیان بهێنن.[4]
پـەیمانی ٦ ئـازار وەکـو خەونێکی ناخۆش وابوو بۆ کوردەکان بە گشتی و مستەفا بارزانی بەتایبەتی. سەرکردایەتی کورد چاوەڕێی پەیمانێکـی وا بەرفـراوانیان نەدەکـرد، پەیمانـێک کـە لەدیـدی کـوردەکانەوە وەکـو گەلەکۆمەکەیەکـی نێونەتەوەیـی چاوی لێ دەکرا.
سەرکرادیەتی کورد نەیتوانی لە بەر کاریگەری ڕێکەوتنەکە خۆیان ڕابگـرن یاخود بتوانن ڕووبەڕوی گۆرانکاریە نوێکان ببنەوە، بۆیە شۆڕشەکە ڕما و هەرەسی هێنا.
ئەوە دوا وێستگەی خەباتی کوردەکان بوو لەو کاتەدا.

### ١-٢ مەبەست و ئامانجی ئەم لێکۆلینەوەیە

---

[4] Wallstrom, s. 151

هەروەک گەلێگ جار وتراوە، سەرکەوتوەکان مێژوو دەنووسنەوە. گەلێک جار فاکتەرە مێژووییەکان دەشێوێندرێن بۆ ئەوەی گەندەڵییەکان دیزەبەدرخۆنە بکرێن، یانیش بۆئەوەی دڵی دەسەڵاتدارن ڕازی بکرێت. بەشێوەیەکی بەربلاو کوردەکان ڕووبەرووی ئەم جۆرە میتۆدانە بوونەتەوە.

مەبەست لەم کارەی من ئەوەیە کە پێناسەیکی گەورەترین شۆڕشی کورد بکەم بە سەرۆکایەتی مەلا مستەفایی بارزانی، کە بەدژی دەسەڵاتدارنی عێراقیدا هەڵگیرسا. بۆ ئەوەی بتوانم ئامانجی ئەم نووسیەن بپێکم، بەدوای ئەو خاڵانەدا دەگەڕێم کە بوونە هۆی هەرەس هێنانی شۆڕشەکە.

وەکو دەستپێکێکیش کەمێک لەسەر مێژووی کورد و کوردستان دەدوێم. پرسیاری سەرەکی کەمن بەدوای وەڵامەکیدا ویڵم ئەوەیە کە بۆچی شۆڕشی چواردە ساڵەی کوردان گلا.

٢- کوردستان

٢-١ خاک

ئاسان نیە کە بتوانیت بەتەواوەتی نەخشەی کوردستان دیاری بکەیت، چونکە ئەو وڵاتانەی کە دەسەڵاتیان بەسەر کوردستاندا هەیە ددان نانێن بە خاکی کوردستان دا وەکو یەکەیەکی جوگرافیای یەکگرتوو. لە ئینسکلۆپیدیای عوسمانیدا کە لە ساڵی ١٨٨٩ – ١٨٩٨ نووسراوە بەم شێوەیە باس لە کوردستان دەکات: » کوردستان وڵاتێکە (مەملەکەت) کە دەکەوێتە ڕۆژئاوایی ئاسیاوە. گەورەترین بەشی ئەم وڵاتە دەکەوێتە ناو ئیمپراتۆریای عوسمانی و باقیەکەشی دەکەوێتە ئێرانەوە. ناوی کوردستان پەیوەندی بە

خەڵـکی کـوردەوە هەیـە کـە زۆرینەی دانیشتوانی ئەو وڵاتە پێک دەهێنن«.[5]

کوردسـتان وڵاتێکی شاخاویە و هەردوو ڕوباری دیجلە و فورات لە کوردستانەوە هەڵدەقوڵـن. سـنووری وڵاتەکـە لە ڕیزە چیایەک پـێکهاتووە بـەڵام سـنوورەکانی ڕەسمـی نین. ڕوبەری کوردستان پێـنج سـەد هـەزار کیلۆمەتری چوارگۆشەیە کە دەتوانرێت لەگەڵ فەرەنسادا بەراورد بکرێت.[6]

خەڵـکانێک هـەن کـە کوردسـتانیان بـەم شـێوەیە ناسیوە. ئەو ناوچانـەی کـە لەلایـەن تورکیاوە داگیرکراوە ٤٨%، سوریا ٣%، ئێران ٣٣% و عێراقیش ١٦%.[7]

وشەی کوردستان لە وشەیەکی لێکدراوە لە هەردوو وشەی کورد + ستان. ستان لە زمانی کوردیدا هەروەک لە زۆر زمانی ئاسیایدا بە مانـای وڵات یـان جـێگا بـەکار دەهێنرێت. بۆ نموونە ئەگەرناوی گەلـێک لەگەڵ ستاندا لێک بدەیین ئەوا ناوی وڵاتەکەمان بۆ دیار دەکـرێت. وەکـو ئەفغان، ئەفغانستان، تورکستان، ئەرمەنستان. بەم شێوەیە مرۆڤ تێدەگات کە کوردستان مانای چیە.[8]

هـەردوو وڵاتی تورکـیا و سوریا نکۆلی لەوە دەکەن کە جێگایەک هەبـێت پێی بوترێت کوردستان، لە سنووری ئەو دوو وڵاتە یاخود دەرەوەیـان ئەمـە سـەرە ڕایی ئەوەی کە نکۆلی لەبوونی کورد و مێژووەکەشـیان دەکـرێت. بەڵام هەردوو وڵاتی ئێران و عێراق ددان دەنـێن بـە بـوونی بەشێکی کەمی کوردستان و بوونی کورد دا " لە

[5] Multiethnica, nr 26-27, s. 30
[6] Solidaritet, s. 85
[7] http:// hom4.swepnet.se
[8] Zuhair A Malek, s. 15

ئێـران پارێـزگایەک هەیە بە ناوی پارێزگای کوردستان هەروەها نیوەی ئازەربایجان کە دەکاتە خوارووی ڕۆژئاوای کوردستان".[9]
عێـراقیش هەرسـێ پارێـزگای هەولێـر و دهۆک و سلێمانی وەکو ناوچـەی کوردنشـین حسێب دەکات و بە ناوچەی ئۆتۆنۆمی ناوی دەبـات، بـەڵام ڕازی نابـێت دان بنـێت بـە هەردوو شاری کوردی کەرکـوک و موسـڵ وەکـو دوو شاری کوردیی. پارێزگای موسڵ کە هەموو باشووری کوردستانی جارنی پێک دەهێنا، یەکێک بوو لەو سێ ولایەتەی کە عێراقیان پێ دروست کرد.

٢-٢ مێژوو

گـەلی کـورد یەکـێکە لـە کۆنتـرین گـەلانی میسـۆپۆتامیا و لەم ناوچەیـەی ئێسـتادا ژیـاون کـە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ٤٥٠٠ساڵ. کوردەکان لە نەوەی مێدەکانن کە گەلێکی هیند و ئەوروپایی بـوون و لــە ناوچـە شـاخاویەکانی چیایـی زاگرۆز بارگەیان لێ خست. مێدەکان شاری نەینەوایان داگیرکرد لە ساڵی ٦١٢ پ.ژ. هەر لەوێش ئیمپراتۆریایەکی بەهێزیان بنیات نا.[10]
بەگوێـرەی سـەرچاوە عەرەبـیەکان، پـاش شەڕێکی درێژخایەن ناوچـە کـوردیەکان لەلایـەن لەشـکری ئیسـلامەوە داگیرکرا، لە ناوەڕاسـتی ٦٠٠ د.ز. لەگەڵ لاوازبوونی خەلافەتی ئیسلامیدا (٩٠٠-١٢٠٠) گەلێک دیناستی(دەوڵەتی) کوردی بنیات نران.[11]
عەشـیرەتە کوردەکان توانیان دەوڵەتۆکەی هەرێمی پێکەوەبنێن، کـە نـاوە نـاوە پشتیوانیان لە دەسەڵاتی ناوەندی واتە خەلافەت دەکـرد، ئەمەش بۆ ئەوەی بتوانن دەسەڵاتی خۆیان لە ناوچەکەدا بپارێـزنن. هەنـدێک لـەو دەوڵـەتانە(بـنەماڵانە)، شـەدادەکان،

---

[9] Multiethnica 26-27

[10] سەرچاوەی ژمارە ٧

[11] Omar sheikmous, Kurdernas kamp…nr 11- 1991

حەسەن واحید، بەنو ئاناز، مەروانیەکان و ئەیوبیەکان. ئەمی دواییان سەرکردەی ناسراوی کورد سەلاحەدینی ئەیوبی بنیاتی نا. شازادەکانی ئەیوبی توانیان بە خێرایی هەموو کوردستان، سوریا، میسر و بەشێک لە عەرەبوستان بخەنە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە.[12]

دواتر لە سالآنی ١٧٠٠ بەدواوە کوردەکان توانیان ئیماراتی هەرێمی وەکو بۆتان، ئەردەلان و بابان دامەزرێنن. شەڕی دەسەلآت لە بەینی ئەم ئیماراتانەدا دەسەلآتی کورد و شوێن پێیانی لاواز کرد لە بەرانبەر دەولەتی عوسمانی و ئێرانیەکاندا کە دەسەلآتی ئیسلامیان خستبووە دەست خۆیان، بە دوو مەزهەبی جیاوازی شیعە و سونی کە دژایەتی یەکتریان دەکرد. زۆرینەی کورد موسلمانی سونی مەزهەبن هەربۆیە پەیوەندیەکی باشتریان لەگەل عوسمانیەکاندا هەبوو، " کوردستان لە سەرەتای ١٥٠٠ دا بووە جێگای ڕمبازێن و پاوانخوازی هەردوو ئیپراتۆریەتی عوسمانی و فارسی. عوسمانیەکان توانیان پشتیوانی کوردەکان بۆ خۆیان مسۆگەر بکەن لەم بگرە و بەردەیەدا".[13]

بەلآم ئەوەبوو هەردوو دەولەتی عوسمانی و فارسی توانیان لەسەر کێشە سنووریەکانیان ڕێک بکەون، لەوەی کە پێی دەلێن پەیماننامەی زەهاو لە سالی ١٦٣٩ دا. ئەوەش بووە هۆی ئەوەی کە بۆیەکەمین جار لە مێژوودا کوردستان دابەش بکرێت و ئەو دابەشکردنە بکرێتە فاکتەرێکی مێژووی.[14]

کوردەکان توانیان ناوچەکانی خۆیان کۆنترۆل بکەن، لەبەرانبەر ئەوەشدا باجیان دەدا بە دەسەلآتی ناوەندی. ئەم " پەیوەندیە

---

[12] Solidaritet, s. 85-86
[13] Faktaseria 7-2001

[14] کاژیکنامە، ل. ٣

سـەقامگیری خۆی پاراست هەتا ساڵی ١٨٠٠، ئەوە بوو دەسەڵاتی ناوەنـدی داوکاری زۆرتریان بەسەر کوردەکاندا فەرزکرد. ئەمەش بـووە هـۆی بەرپاکـردنی چەنـدین سەرهەڵدان، بەڵام هەموویان تێکشکێنران". [15]

هـەروەک لـە سـەرەتادا باسـم کـرد، تورکـیا پێشـەنگایەتی سـەرکوتکردن و نکـۆلی کردنی کوردەکانی کردووە و دەکات وەکو گەلێک و کوردستانیش وەکو وڵاتێک، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە لە رێگایـی دەقـە مێـژوویەکانەوە سەلمێنراوە کە کوردستان لە دێر زەمانەوە هەبووە.

وشـەی کوردسـتان لەلایـەن سـەلجوقیەکانەوە بەکارهێنراوە لە ساڵـی ١٢٠٠دا. مێژوو نوسی کورد (ئەمین زەکی) لە کتێبەکەی خۆی بـەناوی (کـورد و کوردسـتان) لـە قەولی مێژووی نووسی فارس حەمـیدوللەی مسـتەوفیەوە دەگێـڕێتەوە کـە سولتانی سەلجوقی (سـنجار) بەناوچـەکانی سـەروی کرماشـانی وتووە کوردستان و بـرازەکەی سـلێمان پاشا دەبێتە پاشای کوردستان کە لەسەردەمی ئـەودا وڵاتەکـە پـێش وەچونێکی باشی بەخۆیەوە بینیوە لە ڕوی ئابوری و کلتوریەوە. [16]

هـەروەها پاشـای سـوێدی کـارلی دوانـزەهەم (١٦٨٢-١٧١٨) لـە نامەکانی خۆیدا بۆ سولتانی عوسمانی (ئەحمەدی سێهەم) وشەی کوردسـتانی بەکارهێـناوە. لەنامەکانی تری دا کە لە ساڵی ١٧٠٩ نووسـیویەتی بـۆ سـولتان لـە پەیـوەندی لەگەڵ دانانی مارتین نێوگیبویـرس وەکـو سـەفیر لە قوستەنتنیپۆل(ئەستەمبوڵ) ناوی وڵاتی کوردان و شارە گەورەکانی کوردستانی هێناوە. [17]

---

[15] Faktaserie nr 7

[16] م. ئەمین زەکی، کورد و کوردستان ل. ١١

[17] Rohat Alakom, svensk-kurdisk konktakter..s.46

www.kurdistanica.org

دابەشـكردنی كوردسـتان بـەو شـێوەیەی كـە هەیە شتێكی شاز و نموونەیـیە لـە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بگرە لە هەموو جیهانیش دا. سۆسـیۆلۆگی تـورک ئیسماعیل بێشكچی پێی وایە كە تەنانەت كوردستان ئەوەیشـی پـێ ڕەوا نەبینـراوە كـە وەكو كۆلۆنیەكی ئاسـایی بـە شێوە باوەكەی كە هەیە حسابی بۆ بكرێت. مەبەستی ئەوەیـە كـە كوردسـتان تەنانـەت كۆلۆنـیش نیـیە، چـونكە كۆلۆنـیەكان پێگەیەكـی تایبەتـیان هەیـە. بێشـكچی ڕەوشـی كوردسـتان وەكـو شتێكی تایبەتی و ناوازە لە دنیادا دەنرخێنێت، چـونكە ناسـنامەی كـوردەكان نكـۆلی لـێ دەكـرێت و سـنووورە جوگرافیەكانی كوردستان ناناسرێت. بۆ ئەوەی جیاوازی لە نێوان كۆلۆنی بە شێوە باوەكەی كە هەیە و ئەو ڕەوشەی كە كوردستانی تـێدایە دابـنێ، كوردسـتان بـە كۆلۆنیەكی نێونەتەوەیی ناوزەد دەكات.[18]

٢-٣ ژمارەی دانیشتوانی كوردستان

هـیچ ئامارێكـی دروستمان لە بەردەستا نییە تا بتوانین ژمارەی كـوردەكانی بـە دروسـتی پـێ دیـاری بكەین. هەر ئەمە بۆ خۆیی یەكـێكە لـە پرسـە سـەختەكان كـە ناتوانرێت وەڵامێكی دروستی بدرێـتەوە. دەوڵـەتانی وەكو عێراق و توركیا لە هەوڵی ئەوە دان كـەتا بـۆیان بكـرێت ژمـارەی كـوردەكان كـەم بكەنـەوە، ئـەم هەڵوێسـتەیان مەبەستێكی سیاسی لە پشتەوەیە.[19] هەربۆیە وەک وتـرا، زەحمەتە ژمارەی كوردەكان دەستنیشان بكرێت، "جیاوازی نێوان ئەو ژمارەیەی كە كوردەكان خۆیان دیاری دەكەن لەگەڵ ئەو ژمارەیـەی كـە ئـەو وڵاتانـە بەڕەسمی دانی پێدادەنێن، گەلێک

[18] Kurdistan Rapport nr 23
[19] www.arbetarmakt.com

www.kurdistannet.org

زۆره. کەمکـردنەوەی ژمـارەی کـوردەکان لـە بەرژەوەنـدی ئـەو دەولـەتانەدایە، ناسیۆنالیسەتە کوردەکانیش لەلایەن خۆیانەوە زیادەڕۆیـی دەکـەن لـە ژمـارەی کـوردەکان. بـەلام زۆربـەی سەرچاوەکان ژمارەی کوردەکان بە سی (٣٠) ملیۆن کەس دەقەبلێنن کە ١٢ ملیۆنیان لە تورکیا دەژیین".[20]

٣- شۆڕشی ئەیلول (١٩٦١-١٩٧٥)

لـە ئاکامـی هەلگیرسـاندنی جەنگـی جـیهانی یەکەم، دەولەتی عـوسمانی هەلوەشـایەوە. ئەوەش ڕێگای لەبەردەم دروستبوونی گەلـێک دەولـەتی نـوێدا کـردەوە، بـەبێ ئەوەی گوێ بە جۆری نەتەوەکان و نەژاد و ئینتمای ئاینیان بدرێت. فەرەنسا و بەریتانیا بـە بەهێزتـرین دەسـەلاتە کۆلۆنیالیسـتەکان دەژمێـردرێن لـەو سـەردەمانەی ڕۆژهـەلاتی ناوەڕاستدا. ئەوان هەر جۆرە ڕێبازێکی گـونجاویان بەکاردەهێان بۆ ئەوەی بتوانن کۆنترۆلی ناوچەیەکی زۆرتـر بکـەن و، عەشـیرەتە جۆراوجـۆرە گوێڕایەلـەکانی سـەربەخۆیان ڕێکدەخسـت بـە مەبەسـتی ئەوەی بتوانن جێ پێی خۆیان لە ناوچەکەدا بکەنەوە بەتایبەتی لەسەر ئەو ناوچانەی کە نەوتیان تێدابوو و یاخود دارایی سەروەتی سروشتی تربوون.

یەکـێک لەو ولاتە نوێیانە کە دامەزرا، عێراق بوو ، ئەو ولاتەی " کـە لەبـنەڕەتدا دەسـتکردی کۆلۆنیالیـزمە"[21] و پێشـتر لـە ژێر دەسەلاتی عوسمانیەکاندا بوو.

عێـراق یەکـێکە لەو ولاتە نمونەیانەیە کە تێیدا عەرەب، سونی، شـیعە و کـورد و هیتـر ناچارکـران کە پێکەوە بژین و خرانە ژێر دەسـەلاتی گروپێکـی عـەرەبی سـونیەوە کـە کەمیـنەبوون.

---

[20] http://home4.swepnet.se
[21] Borhanedin A. Yassin, Irak 1968-1991

بەریتانیەکان باش لەوە گەیشتبوون کە زۆر زەحمەت دەبێت بۆیان کە بتوانن کۆنترۆلی شیعەکانی عێراقی نوێ بکەن، هەربۆیە باشووری کوردستان (ولایەتی موسڵ)یان خستە سەر عێراق بۆ ئەوەی تەوازونی مەزهەبی ڕابگرن.

لە گفتوگۆکانی ئاشتی ساڵی ١٩٢٠ لە سێڤەر، سنوورەکانی ئێستای عێراق دیاری کران. بەریتانیا و فەرەنسا دەوڵەتی عوسمانیان لە بەینی خۆیاندا دابەش کرد، بەهاوکاری دەوڵەتی نوێی تورکیا. عێراق کەوتە ژێر منداتی بەریتانیاوە. ویستۆن چەرچل کە تازە کرابوو بە وەزیری کۆلۆنیال، بانگهێشتن کرا بۆ کۆنفرانسی قاهیرە لە مارسی ١٩٢١. ئەویش بۆ گتفوگۆکردن لەسەر ئەوەی کە کێ حوکومڕانی عێراق بکات، واتە میسۆپۆتامیای کۆن کە لانکەی چەندین شارستانی بووە لە مێژوودا لە وانەش بابلیەکان، ئاشوریەکان، پارس و ئەلکەسەندەری گەورە.[٢٢]

ئەم هەموو دەسەڵاتانە لەدوای خۆیان پاشماوەی ئێتنیکی، دینی و کلتوریان بەجێ هێشتووە. ناوچەکە بە ئاشکرا فرە ئێتنیکی پێوە دیارە.[٢٣] بەیارمەتی بەریتانیەکان فەیسەڵ کرا بە مەلیکی عێراق و لەساڵی ١٩٢١ دا ئەو وڵاتە بووە دەوڵەتێکی نەتەوەیی. لەساڵی ١٩٢٣ عێراق بووە ئەندامی "یەکیەتی نەتەوەکان"، بەڵام هەر لەساڵی ١٩٢٥ دا یەکیەتی نەتەوەکان بڕیاری لکاندنی باشووری کوردستانیان بە عێراقەوە، قبوڵ کرد.[٢٤]

بەگوێرەی خاڵەکانی ٦٣، ٦٢، ٦١ پەیمانی سێڤەرکە لە ١٠ ئابی ١٩٢٠ دا بڕیاری لەسەر درا، کوردستان دەیتوانی ببێتە دەوڵەتێکی سەربەخۆ لە چوار چێوەی دەوڵەتی تورکیادا. موسڵی

---

[22]David E L. and B. Reich, the government, s. 90
[23] Beatrice Z-Blomberg, mellanöstern i ...,s.5
[24] Khalid Khalid, den kurdisk irakiska konflikten, s. 27

کـوردیش(باشـووری کوردسـتان) دەیتوانی بڕیاری ئەوە بدات کە ببێـتە بە شێک لەو دەوڵەتە کوردیە ئەگەر خۆیان بیان ویستایە. پـەیمانی سێڤـەر لەسـەر لاوازی دەوڵـەتی عـوسمانی دارێـژرا. دەوڵـەتی تورکـی هـیچ ڕێگایەکی تری لەبەردەمدا نەبوو جگە لە پەژرانـدنی پەیمانەکە. بەلاّم هیچ کاتێک پەیمانی سێڤەر نەخرایە پـراکتیکەوە، بەڵکو پەیمان نامەیەکی تر جێگای گرتەوە لە ساڵی ١٩٢٣ ئـەویش پـەیمانی لـۆزان بـوو، کە لەو پەیمانەدا نە باسی کورد و نەباسی کوردستاینشی تێدا نەکرا.

نەخشەکێشـی دەسەلاّتدارە کۆلۆنیالەکان لە عێراق زۆر پێچاوپێچ و نائاشـکرا بـوو. هەمـوو دەسەلاّتدارانی عێراقی هەوڵی ئەوەیان داوە کـە بـە ڕێگـای یاسـایی لکانـدنی باشـووری کوردسـتان و تـوانەوەی لەناو ئەو دەوڵەتە نوێیەدا بسەپێنن، بەلاّم هەموویان شکسـتیان خواردووە. کێشەی کورد ئێستاش وەکو سەرەتای ١٩٢٠ کێشەیەکی چارەسەرنەکراو و گەرم و گوڕە.

بەریتانـیەکان شـازادە فەیسەڵیان کرد بە یەکەمین مەلیکی عێراق کـە ئەندامـی بنەماڵەی هاشمی بوو لە (مەککە) لە ساڵی ١٩٣١. لە نـێوان ساڵـی ١٩٣٦ تـا ١٩٦٨ لە عێراق گەلێک هەوڵدانی کودەتای سـەربازیی سـەرکەوتوو و سەرنەکەوتوو دران. ئەوە بوو لەساڵی ١٩٥٨ دا ڕژێمــی پاشــایەتی لـــە کودەتایەکــی ســەربازیدا بـــە سـەرکرادایەتی عەبدوکـەریم قاسم ڕوخا و عێراق بووە کۆماری و قاسمیش بووە یەکەمین سەرۆک کۆمار. پاشان دەوڵەتەکەی قاسم خۆشـی لـە کودەتایەکدا لەساڵی ١٩٦٣ دا لەلایەن بەعسیەکانەوە ڕوخاو، بەلاّم ناسیۆنالیستە عەرەبەکان دەسەلاّتیان گرتە دەست، چـوونکە پـارتی بـەعس پشتیوانی سیاسی و عەسکەریان نەبوو. ئیتـر عێـراق لەدوایی ساڵی ١٩٥٨ وە، ماوە ماوە لە شەڕدا بوو لە

گەڵ کوردەکاندا.[25] ئەندامانی بنەماڵەی مەلیک و سەرۆک وەزیران نوری سەعید لە ڕوداوێکی نادیاردا کوژران.
کودەتای قاسم ڕێگایی بۆ سەرۆکی کورد مستەفا بارزانی خۆش کرد کە لە سۆڤیەتەوە بگەرێتەوە بۆ عێراق و کوردستان ساڵی ١٩٥٨.
کودەتاکەی قاسم هیوایەکی نوێی بەخشی بە کوردەکان تاکو بتوانن بە ئامانجەکانی خۆیان شاد ببن، ئەوەش بەهۆی ئەوەی کە قاسم وای نیشان دەدا کە بۆ دیموکراتی و ئیستقراری عێراق هەوڵ دەدات. پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ یەکەمین جار بە سەرۆکایەتی مستەفا بارزانی و ئیبراهیم ئەحمەد وەک سکرتێر، وەکو پارتێکی یاسایی دانی پێدا نرا. سکرتێری پارتی ئیبراهیم ئەحمەد دەستبەجێ پشتیوانی پارتەکەی بۆ ڕژێمی تازە نیشاندا، و تێیدا بە شان و باڵی ڕژێمی تازەیدا هەڵدا و، داوای ئازادی و تەبایی نێوان کورد و عەرەبی کرد.[26]
کوردەکان پلان و بەرنامەیەکی کۆنکرێتیان نەبوو بۆ ئەوەی لەگەڵ ڕژێمی نوێدا بکەونە دانوساندان لە پێناوی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردەکان کە ئامانجی و ستراتیجی پارتی بوو.
نووسەری کورد جەمال نەبەز دەڵێت: دوای کودەتاکە دەسەڵاتی ڕژێم لە باشووری کوردستاندا بۆ چەند ڕۆژێک ئیفلیج بوو. سیاسیە کوردەکان لەو کاتەدا لە نوێنەرایەتی پارتی و حیزبی کۆمۆنیست و لایەنی سێهەم کە ئەو خۆی نوێنەرایەتی کردووە پێکهاتبوو. ئەوان کۆبوونەوەیان کردبووە بۆ ئەوەی موناقەشەی ڕەوشی کوردستان بکەن. هەردوو لایەن پارتی و کۆمۆنیستەکان پێیان وابوو کە ئەو کودەتایە شۆرشە و ئاراستەی ئیمریالیزم

[25] E Long and Reich, s. 94-97.
[26] McDowall, the kurd, s. 302

کراوە، هەربۆیە پێویستە پشتیوانی لێ بکرێت. بەڵام جەمال نەبەز بـۆ خـۆی دەیویسـت کـە کـوردەکان "کۆمیتەیەکـی نەتەوەیـی" دامەزرێـنن و ژیـان بکەنـەوە بـە بـەر ئـەو رێکەوتنە هەرێمی و نـێونەتەوەیانەی کـە لە بەرژەوەندی کورددا بوون. بەڵام بە قسەی جـەمال نەبـەز ئـەم داخوازیـیەی لایەنی سێهەم لەلایەن پارتی و شیوعیەکانەوە رەتکرایەوە.[٢٧]

چەنـد رۆژێـک دوای ئـەوە رۆژنامـەی (ئەلبەلەد) داخرا لە لایەن رژێمەوە، پاش ئەوەی هەشت مامۆستای کورد لە وتارێکدا کە لەو رۆژنامەیـدا بلاوکـرایەوە داوای ئـەوەیان کـرد کـە رێـز لە مافە کلـتوریەکانی کورد بگیرێت. ئەمە سەرەرای ئەوەی کە رژێمی نوێ دانی بـە کـوردەکاندا نابوو وەکو نەتەوەیەک بەڵام لە کردارد هیچ گۆرانـێک روی نەدابـوو. قاسـم پێویسـتی بـە پشتیوانی کورد و کۆمۆنیستەکان بوو بۆ ئەوەی بتوانێت جێگای خۆیی قایم بکات لە بەرانـبەر ناسیۆنالیسـتە عەرەبەکانـدا. کۆمەڵـگەی عێـراق کۆمەڵگەیەکی پـەرش و بـڵاو بوو، دژایەتی زۆر لە نێوان گروپە جۆراوجـۆرەکاندا هەبـوو. قاسـم ناچـار بـوو کە هەوڵ بدات بۆ یەکگـرتنی گەلانی عێراق. بۆ ئەوەی کورد و کۆمۆنیست و شیعە و سـونی کـە هەریەکـە بەرژەوەنـدی خۆیـی هەبوو یەک بخرابایە پێویسـت بـە توانا و لێزانی هەبوو، ئەوا سیفەتانەش لە قاسمدا نەبوون. دوژمنی سەرسەختی قاسم بەعسیەکان بوون کە خەباتیان دەکرد بۆ ئەوەی عێراق خۆی بە یەکیەتی سوریا و میسر پەیوەست بکـات. ئەوە بوو کە کورد و کۆمۆنیستەکان هاوکاری قاسمیان کرد بـۆ سـەرکوتکردنی ئـەو شۆرشەی کە دژیی قاسم بەرپاکرابوو لە موسڵ، کە لەلایەن جەنراڵ (شواف) وە سەرکردایەتی کرا.[٢٨]

---

[27] جەمال نەبەز، کوردستان و شۆرشەکەی، ل.١٨٩-١٩٠.

[28] Källa 37, s. 24

### ٣-١ تێکۆشانی ساڵی ١٩٦١ تا ١٩٧٥

نەدەتوانـرا ڕێگـا لــە بەربــەرەکانی و دژایەتــیەکان بگیرێت و تا دەهات تەشەنەیان دەکرد. لە یاسای بنگەیی کاتیدا نووسرابوو کە عێراق پێکهاتووە لە هەردوو گەلی عەرەب و کورد، بەڵام هەمانکات ئــەوەش دەستنشان کرابوو کە خەڵکی عێراق بەشێکن لە نەتەوەی عــەرەب. ئەمــەش لــە کردەوەدا نکۆلی کردنی کوردانی دەگەیاند، دەنـا چـۆن دەتوانـرێت بوتـرێت کـە گـەلی کـورد نەتەوەیەکی سـەربەخۆیە و هەمانکاتـیش بەشـێکە لە نەتەوەیەکی تر. کوردە ناسیۆنالیســـتەکان جـــار لـــە دوای جـــار، ئەمـــەیان بـــەبیر دەهێنایەوە.[٢٩]

بـە تێـپەر بـوونی کـات پەیوەندی کورد و دەوڵەت بەرەو خراپی دەڕۆیشـت. ڕۆژنامـە کـوردیەکان دادەخران و پارتیش دیموکراتی کوردسـتانیش وەکـو پارتێکی یاسای ڕێگای کارکردنی لێ دەگیرا. ڕۆژنامـە عەرەبـیەکان لە پێش هەمووشیانەوە (سەورە) دەستیان کـرد بە چاپکردنی کۆمەڵە وتارێک کە تیایدا بانگاشەی توانەوەی کـوردیان دەکـرد لــە بـۆتەی نەتــەوەی عەرەبـدا و زۆر بەتوندی ڕەخـنەیان دەگـرت لــە ڕژێمەکانی پێشوو کە چۆن نەیان توانیوە کوردستان بە عەرەب بکەن و کوردیش لەناو خۆیاندا بتوێننەوە.[٣٠] بەربــەرەکانێ دەسـتی پـێ کـرد و نەدەتونـرا بــەری پێ بگیرێت. جوتـیارەکان کە لەلایەن حیزبی شیوعیەوە ڕێکخرابوون دەستیان کـرد بـە دژایــەتی فیودالــەکان. چەنـد هەوڵێک بۆ کودەتا دران، هــەمانکات پەیوەندی نێوان هەندێک کەتیبەی سەربازی لە خراپ بووندابــوو. ئەو عەشیرەتە کوردانەی کە لەگەڵ بارزانی دا ناکۆک

---

[29] جەمال نەبەز، ل. ١٩١.

[30] G. Tandberg, det glömda kriget, s. 133.

بـوون دەسـتیانکرد بـە جموجـوڵ و خـۆ کۆکردنەوە و پاشانیش هێرش بردن.[31]

مستەفا بارزانی هەستی بەوەکردبوو کە ژیانی لە مەترسیدایە لە بەغـدا، هەربـۆیە بـڕیاری دا بگەڕێتەوە بۆ کوردستان. بارزانی و پـارتی بـە پشـتیوانی برگـەی ٣ لـە قانـونی بنگەیی کاتیدا، لە ئاپریلـی ١٩٦١ دا چەنـد داواکاریەکیان خستە بەردەمی قاسم کە لە ساڵـی ١٩٥٨ دا بـڕیاری لەسـەر درابـوو، بەکورتی داخوازیەکان ئەمانەبوون:

دەبـێت قوتابخانە و پەیمانگا لە ئاستی بڵند دا لە کوردستاندا بە زمـانی کوردی بکرێنەوە و لەگەڵ زانستگایەک کە ناوەندەکەی لە کەرکـووک بـێت. پارێـزگاکانی باشـووری کوردسـتان دەبـێت پارێـزگارەکانیان کـورد بـن. ئاکادیمیایەکـی کـوردی بکرێتەوە. وەزارەتێکی گشتی پەروەردە لە کوردستاندا بکرێتەوە، کە هەمان کاری هەبێت وەکو ئەوەی کە ئێستا لە بەشە عەرەبیەکەی عێراقدا هەیـە.کـردنەوەی دوو جـادە بـۆ ئـەوەی بتوانـرێت بەروبوومی گشتوکاڵی کوردستانی لێ بگوێزرێتەوە بۆ سەرتاسەری عێراق.[32]

ئـەم داخـوازیانەی کـورد لە لەلایەن " ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی عێـراقەوە" ڕەتکرانەوە بە بەهانەی ئەوەی کە کاردانەوەی سیاسی خراپیان دەبێت و هەڕەشە لە سەروەری عێراق دەکات.

قاسـم هێرشـی کردە سەر فیوداڵە کورد و عەرەبەکان بە پشتگیری لـەو یاسـایەی کـە لەسەر بنچینەی ڕیفۆرمی زەوی داڕێژرابوو و ئاسـانکاری بـۆ ڕژێم دەکـرد کـە زەوی فیوداڵـەکان بەسـەر جوتیارەکاندا دابەش بکات.

---

[31] مارتین، ئاغا و شێخ و دەوڵەت، ل.٥٣

[32] Solidaritet, s. 98

خـاوەن زەویـەكان بە توندی بەرپەرچی ئەو پێشنیارەی قاسمیان دایەوە و ناچاریان كرد كە دەستبەرداری بێت. هەر لە ئاپریلی ١٩٦١ وە خـاوەن زەوەیـە كـوردەكان هێرشـیان بردەسـەر دەوڵـەت. سـەركردایەتی پـارتی كـە هـیچ پلانێكی سەربازیان نەبوو، ئەو هەلـەیان قۆسـتەوە و دەستیان بەسەر سەركردایەتی شۆڕشەكەدا گرت كە لە ڕاستیدا بەرپەرچەردانەوەی عەشایەرەكان بوو لە دژی ڕژێم. پاشـان ئـەو پەلاماردانـە بچـوكانە گـۆڕدران بـۆ خەباتی نەتەوەیی كوردەكان بۆ ئازادی.[٣٣]

شـەری نێوان كوردەكان و قاسم لە ١١ ئەیلولی ١٩٦١ دا دەستی پێ كـرد. دەبێت ئەوەش بوترێت كە هەموو كوردەكان بە دڵ پشتیوانی خـەباتی كـوردیان نەدەكرد لە دژی قاسم یاخود ڕژێمەكانی دوای ئـەو. هەندێک لە عەشیرە كوردەكان بێ لایەنی یاخود بێ دەنگیان هەڵـبژارد. گەلـێک لە عەشیرەكان وەدوی ڕژێم كەوتن و چالاكانە لـە شـەڕەكەكاندا لە دژی پارتی و بارزانی شەریان دەكرد. ڕژێمی عێـراق یارمەتی ئەو عەشیرانەی دەدا كە وەک میلیشیایەک خۆیان ڕێكـبخەن كە پاشان لە لایەن كوردەكانەوە ناوی جاشیان بەسەردا بـڕا. هەنـدێک لـەو عەشـیرانە دوژمانەیاتـیان لەگـەڵ مسـتەفا بارزانیدا هەبوو، هەندێكیشیان ئۆپۆرتۆنیست(هەلپەرست) بوون. ئەوەش یارمەتیەكی باشی قاسمی دا تا لەو ڕێگەیەوە كەڵكیان لێ وەربگـرێت بـەدژی شۆڕشـی كورد. ئەم عەشیرانە پێیان وابوو كە دەتـوانن دەسەڵاتی ناوچەیی خۆیان بپارێزن لە ڕێگای ئەوەی كە خۆیان بخزێننە باوەشی ڕژێمەوە.[٣٤]

---

33 ڕەفیق سابیر، ئیمپراتۆریای لم، ل. ١٩٨–١٩٩.
34 مارتین، ل. ٥٥.

شانەبەشانی شۆڕشەکە شەڕی دەسەڵاتی نێو سەرکردایەتی پارتی تەشەنەی کرد و کە کاریەگری خراپی کردە سەر خەباتی کوردەکان بۆ ئازادی. هەمانکات خێڵە کوردەکان جێ پێی خۆیان قایم دەکرد و دەسەڵاتی خۆیان دەسەپاند بەسەر شۆڕشدا، بەهۆی ئەو پلە و پایە سیاسی و سەربازییەی کە لە ناو شۆڕشدا هەیانبوو.

٣- ٢ ڕوخانی قاسم

لە ڕێگای کودەتایەکی سەربازیەوە بە هاوکاری سوپا، بەعسیەکان ڕژێمی قاسمیان لەسەر کار لابرد، ئەوەش لە ساڵی ١٩٦٣. قاسم و هەندێک لە هەڤاڵبەندە نزیکەکانی لە ناو بردران. کودەتاچیەکان دەستیان بە تۆڵە سەندنەوە لە کۆمۆنیستەکان کرد، کە پێشتر بە چاک و بەخراپ هاوکاری قاسمیان دەکرد. لەو ماوە کەمەی کە بەعسیەکان لەسەر کار بوون، بە مەزەندە نزیکەی پێنج هەزار کەسێک لە کۆمۆنیستەکان و لایەنگرەکانیان کوژران.[٣٥] پارتی بە هیوای ئەوەی کە بتوانرێت کێشەکە بە ئاشتی چارەسەر بکرێت نیەتی هاوکاری نیشان دا، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە بەعس نە داخوازیەکی وای قبوڵ دەکرد و نە ئەو توانایەی هەبوو کە بە کارێکی وا رابێت تاوەکو ئاشتیەکی ڕاستەقینە لەو وڵاتەدا بەرقەرا ببێت. کۆمۆنیستەکان ناچار بوون پەنا بەرنە بەر کوردەکان بۆ ئەوەی خۆیان لەدەست ڕژێمی نوێی عێراق بپارێزن، لە داوجاریشدا بوونە هاوخەباتی پارتی و بارزانی. شۆڕشی باشووری کوردستان هەستی نەتەوەی کوردی لە پارچەکانی تری کوردستاندا بزواند. کێشەی کورد بووە بوحرانێک بۆ دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان.

[35] Källa 37, s. 24

لــه شــاری ئیــزمیری تورکــی، سوریا و عێراق و ئێران و تورکیا ڕێکــەوتن لەســەر ئەوەی کە سوپای ئەو وڵاتانە دژایەتی شۆڕشی کــوردان بکــەن. ئــەم ڕێکــەوتن نامەیــە بە ڕێکەوتن نامەی دیجلە بەناوبانگە.[٣٦]

ئــەم ڕێکەوتــنە وەکــو ڕێکــەوتنی پەیمانی بەغدا وابوو کە تیایدا ئێــران و تورکــیا و عێــراق لەسەر ئەوە ڕێکەوتبوون کە بەیەکەوە خــەباتی کــوردەکان ســەرکوت بکــەن. ئەم پەیمانە تا ساڵی ١٩٥٨ بــرەوی هەبــوو، ئــەوە بوو عێراق خۆی لەو پەیمانە کشاندەوە و دانی نــا بەکــوردەکاندا. بــەڵام ئــەو پەیمانــە (مەبەست پەیمانی دیجلەیــە) هــیچ کاتــێک نەخــرایە پراکتیکەوە لە زەمانی شۆڕش ئەیلول دا. دەوڵەتی سۆڤیەت بە دوو هۆ دژایەتێی ئەو هاوکارییەی دەکــرد. لە لایەکەوە سیاسەتێکی وا لە بەرژەوەندی ئەمریکادا بوو چــونکە هــەردوو وڵاتی ئێــران و تورکــیا بەرژەوەندیــەکانی ئەمــریکایان لــە ڕۆژهــەڵاتی ناوەڕاســت و ئاسیادا دەپاراست. لە لایەکی تریشەوە پارتی کۆمۆنیستی عێراق وەکو سێبەرێکی بچوکی سۆڤــیەت وابــوو لــە عێراق و لەگەڵ کوردەکاندا هاوپەیمان بوو. شــەڕی کوردســتان درێــژەی کێشــا، ئــەوە بــوو ناسیۆنالیســتە عەرەبەکان لە هەمان ساڵدا دەسەڵاتیان لە ژێر دەستی بەعسیەکان دەرهێنا. عبدولسەلام عارف وڵاتەکەی بەرێوە دەبرد تا ساڵی ١٩٦٦ ، ئەوە بوو لە روداوێکی فرۆکە گیانی لەدەستدا و عبدولرەحمانی برای جێگای گرتەوە.

٣-٣ شەڕی ناوخۆی پارتی دیموکراتی کوردستان

ئەوانــەی کە دەسەڵات دەگرنە دەست لە عێراقدا، دەست دەکەن بە بەڵــێن دان بەوەی کە مافی سیاسی و کۆمەڵایەتی کوردەکان دەبێت

---

[36] سەرخۆبون ژمارە ٥-٦، ل.٥٤

دانی پێدابنــرێت، بــەڵام هــەر کــە "مانگی هەنگوینی دەسەڵاتیان" کۆتایی دێت ڕووی ڕاستەقینەی خۆیان دەردەخەن و بۆمبا و سوپا ڕەوانــەی کوردستان دەکەن. شەڕی کورد و عێراق بەردەوام بوو تا ١١ ئــازاری ١٩٧٠، ئەوە بوو کورد لەگەڵ ڕژێمی بەعس ڕێکەوتن کە ئۆتۆنۆمی بدرێت بە کوردەکان لە چوار چێوەی عێراقدا.[٣٧]

ساڵــی ١٩٦٤ بــارزانی شــەڕی ڕاگــرت. مەکتەبی سیاسی پارتی بە ســەرۆکایەتی جەلال تاڵەبانی و ئیبراهیم ئەحمەد هەستیان دەکرد کە ئەوان سوکایەتیان پێ کراوە بەو کارەی بارزانی، بۆیە داوایان کــرد کە مەکتەبی سیاسی کۆبێتەوە و موناقەشەی شەڕ ڕاوەستانی نێوان بارزانی و بەعس بکەن.

تاڵــەبانی کــە نفوســی لــە نــاو مەکتەبی سیاسی پارتیدا هەبوو ڕەخــنەی لــە شەڕ ڕاوەستانەکە گرت و ڕەتی کردەوە و هەمانکات هەوڵــی ئــەوەی دا کــە بــارزانی لەســەرۆکی پارتی لابەرێت. ئەم هەڵوێســتەی جــەلال تاڵــەبانی لــە لایــەن بــارزانی وە بــە هێند وەرنــەگیرا، بەڵکو بارزانی بۆ خۆی بڕیاری دا کە کۆنگرە بگیرێت کە زیاتر لەکەسانی گوێڕایەڵی خۆی پێکهاتبوو. کوردەکان دابەش بــوون، تاڵــەبانی خــۆی وەکو کەسێکی ڕادیکاڵ و چەپ لە قەڵەم دەدا، بارزانیشــیان وەکــو مــۆدرات چــاو لێدەکرد. ئەو دوودڵیەی بەرانــبەر یەکتــری وای کــرد کــە لــە کــۆتایدا چەک بەدژیی یەک بەکاربهێــنن و شەڕ لە بەینی تاڵەبانی و بارزانیدا دەستی پێ کرد. ئێــران ئــەم هەلــەی قۆســتەوە و بــۆ ئــەوەی خــۆی لــە کێشەکە هەڵــقورتێنێ و بەقازانجی خۆی کەڵکی لێوەربگرێت. ئێران ڕێگای بــە جەلال تاڵەبانی و لایەنگرانی دا تا خاکی ئێران بەکاربهێنن بۆ خۆپارســتن لــە بــارزانی، کــە لــە ناو کۆمەڵگایی کورد و هێزی

---

37 مارتین، ل. ٥٤.

پێشـــمەرگەدا پشـــتیوانی زۆری لێدەکـــرا. بـــەڵام هەمانکات گومانی ئەوەش هەیە کە تاران چەک و تەقەمەنی بۆ بارزانیش ناردبێت بە ماوەیەکـی کـەم دوای ئەوەی کە ڕێگیان بە تاڵەبانی دا بچێتە ناو خاکـی ئێـران. تاڵــەبانی بەهەڵە لە کێشەکان گەیشت و هەربۆیە ئێـرانی بــەجێ هێشــت و خــۆی کــردە هاوپەیمانی عێراق و شان بەشانی سوپای عێراقی هێرشیان دەکردە سەر هێزەکانی بارزانی. ئــەم کــردەوەیە شکستێکی گەورە بوو بۆ تاڵەبانی،بۆیە لە لایەن بــارزانی و ژمارەیەکی زۆری کوردەوە وەکو ناپاک چاوی لێدەکرا. بــەڵام بەعسـیەکان دەیانــزانی کــە کلیلــی مەسەلەی کورد لە لای بارزانــیە و ئــەوان کــە لــە شــاخ بــوون تــەنها لایەنێک بوون کە بتوانــرێت گفتوگۆیان لەگەڵ بکرێت، بۆ ئەوەی کۆتای بە کێشەکە بهێنــرێت. گفتوگۆی ڕژێم و بارزانی دەستی پێ کرد پاش ئەوەی کە هێـزەکانی کورد سەرکەوتنی باشیان بەدەست هێنا بەسەر سوپای عێـراقیدا و زیانێکـی چاکـیان لــێدان.[٣٨] دوای ڕێکــەوتنی ١١ ئازار تاڵەبانی و چەکدارەکانی پەیوەندیان کردەوە بە پارتی دیموکراتی کوردســتان بــە سەرۆکایەتی بارزانی، پاش ئەوەی لێبوردنیان بۆ دەرکرا.

٣- ٤ ڕێکەوتن نامەی ١١ ئازاری ١٩٧٠

ڕێکــەوتنی ١١ ئــازار بــە گرنگترین ڕێکەوتنی نێوان کورد و عێراق دەژمێردرێت لە ڕوی ناوەڕۆکەوە کە کورد توانیبێتی لەگەڵ عێراقدا لەســەری ڕێــبکەوێ. بــە پێــی ئەو پەیمانە دەبوو مافە سیاسی و کۆمەڵایەتی و کلتوری و ئابوریەکانی گەلی کورد دەستەبەر بکرێت و بپارێزرێت. هەردولا لەسەر ئەم خاڵانە ڕێک کەوتن:

---

[38] سەرچاوەی پێشوو.

کـوردەکان ڕێگایــان پێ بدرێت کە لە حوکمڕانی دەوڵەتدا بەشدار بن.
جێگری سەرۆک کۆمار کورد بێت.
زمانی کوردی زمانی فەرمی بێت لە کوردستان دا.
ڕێگا بە گەشەکردنی کلتوور و پەروەردە و ئابووری کورد بدرێت.
کـوردەکان بۆیان هەبێت بگەڕێنەوە بۆ سەر گوندە کاولکراوەکانی خۆیان و قەرەبووی زیانەکانیان بۆ بکرێتەوە.
ڕیفۆرمی کشتوکاڵی لە کوردستاندا بکرێت.
گۆرانکاری لە یاسای بنگەیی عێراقدا بکرێت و تیایدا دیاری بکرێت کە عێراق لە دوو نەتەوەی سەرەکی کورد و عەرەب پێکهاتووە.
لێبوردنێکــی گشتی بدرێت بۆ هەموو ئەو کوردانەی کە بەشداریان لە شۆڕشدا کردووە.
ناوچــەی ئۆتۆنۆمــی کوردی دیاری بکرێت و بەڕێوەبەرایەتیەکەی لە کوردان پێک بێت.[٣٩]
دەتوانــرێت لــە چەنــد خاڵێکدا هۆ کارەکانی کە بوونەوە هۆی لە دایک بوونی ڕێکەوتن نامەی ١١ ئازار دەستنیشان بکرێن:
١- کــوردەکان ســەرکەوتنی چاکــیان بەدەســت هێــنابوو لە بــەرەکانی شــەڕدا و توانیان لە بەردەم سوپای عێراقیدا خۆیان ڕابگرن.
٢- لــە نــاو ســەرکردایەتی پارتی بەعسدا تێروانینی جیاواز هەبــوو لــە سەر کێشەی کورد و هەندێکیان لەگەڵ ئەوەدا بوون کە دەبێت خەتێکی نەرمتر بگرنە بەر.
٣- کاریگــەری شــەڕ لەســەر ئابــووری عێراق و، ڕای گشتی خەڵکیش لەدژیی شەڕی کوردستان بوو.

[39] Sheikmous, s.7-8, och Kung & G tandberg, s. 48.

٤- پەیوەندیەکانی نێوان عێراق و ئێران بەرەو خراپی دەچوو، هەردوولا یەکتریان بەوە تاوانبار دەکرد کە سوپای زۆریان لەسەر سنوورەکان مۆڵ داوە و پرۆڤەکەسیون دەکەن.[40]

نوێنەرانی پارتی و بەعس لەسەر ئەوە ڕێک کەوتن کە بڕیارەکانی ١١ ئازار لە ماوەی چوار ساڵدا بخرێنە کار. هەر لەسەرەتای ساڵی یەکەمەوە کوردەکان گومانیان لەوە پەیدا کرد کە ڕژێم پەیمانەکەی بە جدی وەرنەگرتووە. بەعس خەریکی ڕێکەوتن و چاکترکردنی پەیوەندیەکانی نێوان خۆیان ئەو باڵە بەرهەڵستکارانەی ناو سوپا بوون. هەمانکات لەگەڵ پارتی کۆمۆنستی عێراقی "بەرەی نیشتمانیان" دامەزراند کە چەندین ساڵ درێژەی کێشا. گرنگترین شتیش کە ڕژێم کردی خۆماڵی کردنی نەوت بوو کە کاریگەری کردە سەر پەیوەندیەکانیان لەگەڵ ئەمریکا بەتایبەتی و دنیایی ڕۆژئاوا بە گشتی.

هەندێک لە خاڵەکانی ڕێکەوتنەکە جێبەجێ کران، وەکو یاسای چاک کردنی کشتوکاڵ لە کوردستان و دانی پۆستی وەزارەت بە کورد. بەڵام خاڵە گرنگەکانی وەکو دانانی بەڕێوەبەرایەتی ئۆتۆنۆمی نە خرایە کار. بە عەرەب کردنی کوردستان بەتایبەتی لەناوچەکانی کەرکوک، دەستی پێکرد. بارزانی وشیاریدا بە ڕژێمی عێراقی لە مەڕ کردەوەکانی بەڵام ڕژێم درێژەی بەسیاسەتی خۆی دا. عێراق خۆی لە سۆڤیەت نزیک کردەوە و پەیمانێکی هەڤاڵبەندێتیان لەساڵی ١٩٧٢ دا مۆر کرد. پەیمانێکی لەو جۆرە لەبەینی سۆڤیەت و سوریا و میسریشدا هەبوو. ئەوە بووە هۆی ئەوەی کە بارزانی لە ژێرەوە پەیوەندی بە ئێران و ئەمریکاوە

[40] جەمال نەبەز، ل. ٣٠٢-٣٠٥.

بکـات. پەیـوەندیەکانی نێوان کورد و عێراق لە ساڵی ١٩٧١ دا زۆر لە گرژیدا بوو.[41]

هـەر دوو لا لــە هەڵپەی دۆزینەوە و دروستکردنی پەیوەندی بوون لەگـەڵ دنـیای دەرەوە بـۆ ئەوەی لە شەڕی داهاتوودا هاوکاریان بکـات، ئەمـە لـە جـیاتی ئـەوەی کە لە هەوڵی سەقامگیرکردنی ئاشـتیەکی ڕاسـتەقینە بـن لە وڵاتدا. ئەم بەدگومانیەش گەیشتە لـوتکە دوای ئـەوەی کـە عێـراق لــە هەوڵـێکی تیرۆریسـتیانەی سـەرنەکەوتوودا، لـە ٢٩ ئەیلـولـی١٩٧١ ویستان مستەفا بارزانی تیرۆر بکەن.[42]

مەسەلەی کورد بووە گوریس کێشەکێی نێوان چەند وڵاتێک، کە بە پلەیـی یەکـەم دەیانویسـت بـەکاری بهێـنن بـۆ خزمەتکـردنی بەرژەوەندیە ئابوری و سیاسیەکانی خۆیان.

ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان جۆرێک لە سەربەخۆیی بوو بۆ کوردان، بەڵام سەددام حسێن وەکو هەنگاوێکی تاکتیکی چاویی لێدەکرد، تا بـەو شێوەیە ستراتیجی حیزبی بەعس کە عێراقێکی یەکگرتوو بوو بپارێزێ.

### ٣-٥ شەڕ دەست پێدەکاتەوە و شۆڕشی کوردەکان هەرەس دێنێ

#### ا- هۆکارە ناوخۆیەکان

ڕوداوەکـانی کـە لـەماوەی ئـەو چـوار ساڵەی شەڕ وەستاندنادا ڕویاندا، حیزبی بەعسیان بەهێز کرد. بەعس یەک لایەنە فۆرمێکی نوێی بۆ پەیماننامەی ١١ ئازار داڕشت و هەمانکات یاسایەکی نوێی

---

[41] McDowall, s.330-331.

[42] بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئەم کردەوە بەرنامەڕێژیی بۆ کراوە سەیری کتێبەکەی ڤالسرۆم لاپەری ١٤١-١٤٢ بکە. نووسەر ئەم کردەوەیە بە فیلمەکانی جیمس بۆند دەشوبهێنێ.

www.kurdistanreet.org کوردستانی نوێ

بۆ کوردستان دانا، بەبێ ئەوەی گوێ بدات بەوەی ئاخۆ کوردەکان ڕازی دەبن یان نا. عێراق مۆڵەتێکی دیاری کراویی بۆ کوردەکان دەستنشان کرد. پێویست بوو پارتی لەماوەی پانزدە ڕۆژدا ڕەزامەندی خۆیی بۆ ئەو دارشتنە نوێیەی پەیماننامەکە دەربڕیایە.[٤٣] ئەمەش بەتەواوتەی لەلایەن کوردەکانەوە ڕەتکرایەوە. شەڕ دەستی پێکردەوە ئەگەرچی خەڵکانێک هەبوون لە هەردوولا کە دەیانویست کێشەکە بە ئاشتی چارەسەر بکرێت. بەڵام بە دەستپێکردنەوەی شەڕ مەرگی ڕێکەوتننامەی ١١ ئازاریش ڕاگەیەنرا. شەڕەکە زۆر توندتر بوو لەو شەڕەی کە لە سەرەتای شەستەکاندا دەستی پێکردبوو. ئەو چوار ساڵەی ئاشتییە وای کردبوو کە هەردوک لا لەماوەیەدا بتوانن خۆیان بەهێزتر بکەن و چەک و جبەخانەی باشتر بکڕن. بە مەزەندە پارتی پەنجا هەزار پێشمەرگە و پەنجا هەزار بەرگری میللیان هەبوو.[٤٤]
عێراق سودی لە کێشەی نەوتی ساڵی ١٩٧٣ وەرگتبوو داهاتێکی باشی پێکەوە نابوو، کە خۆی لە خۆیدا دەرگایی بۆ بوژانەوە و مودێرنیزەکردنی وڵات کردبووە، هەروەها دام و دەستگاکانی دەوڵەت و سوپایەکی بەهێز. لە سێ بەش دوو بەشی سوپای عێراقی لە شەڕدا بەشدرایان کرد، واتە هەشتا هەزار سەربازی مەشق پێکراو و بەچەکی نوێ چەکدار کراو.[٤٥] هەمانکات هەشت هەزار شارەزایی ڕووسی هێنرابوونە عێراق تاکو یارمەتی ئەو وڵاتە بدەن و سوپایەکی لە شێوەی سوپای سووری سۆڤیەتی بۆ عێراق ڕێکبخەن.[٤٦]

[43] سەرچاوەی پێشوو، ل. ١٢٥.

[44] Mcdowall, s. 337.
[45] Yassin, s.145
[46] Wallström.

کوردەکان خۆیان بۆ شەڕێک ئامادەکردبوو کە پێشتر بە خۆیانەوە نەیان بینی بوو. دوو سەد هەزار کوردی ژێر دەسەڵاتی ڕژێم پەنایان هێنابوو بۆ پارتی و پەیوەندیان کردبوو بە شۆڕشەوە. ئەم گرووپە گەورەیە هەموو جۆرە توێژ و چینێکی کۆمەڵگەیی کوردی لە خۆی گرتبوو، لە مامۆستا و خوێندکارەوە بگرە هەتا دەگاتە جوتیار و کرێکار.[47]

بەشێک لەم خەڵکە لە ترسی ژیانی خۆیان پەنایان هێنابوو بۆ ناو شۆڕش بەڵام زۆربەی ئەوانە وەکو ئەرکێکی نەتەوەیی هاتبوونە ناو شۆڕش. پارتی توانایی ئەوەی نەبوو کە ئەو هەموو خەڵکە ڕێکبخات و هاوکاری ئابووریان بکات لە کاتێکدا کە شەڕ بەردەوام بوو. هەربۆیە خەڵکێکی زۆر پەنایان بردە بەر ئێران و بوونە پەناهندە. ئەمەش وای کرد کە کوردەکان زیاتر بە ئێرانەوە پەیوەست ببن. باری ئابووری کوردستان تا دەهات بەرەو خراپی دەچوو . جوتیارە کوردەکان چی تر نەیان دەتوانی لە کێڵگەکانیاندا کاری خۆیان بکەن بەهۆیی بۆردومانکردنی تەیارەکانی عێراقەوە.[48]

لەگەڵ دژواریەکانیشدا، پێشمەرگەی کورد سەرکەتوو بوون لە شەڕدا و تەنانەت خەریک بوو شەڕەکەش بەرنەوە. بەڵام " عێراقیەکان زۆر بە خێرای خۆیان چەکدار دەکرد بەتایبەتی دوای ڕێکەوتن نامەی جەزائیر لەگەڵ ئێران لەساڵی ١٩٧٥ دا، کە ئاسانکاری کرد بۆ عێراق تا شۆڕش لە کوردستاندا بووەستێنێت"[49] بەڵام دەبێت ئەوەش بوترێت کە ئەمە هۆی سەرەکی نەبوو بۆ تێکشکانی کوردەکان بەڵکو ئێران دەوری سەرەکی بینی.

---

[47] سەرچاوەی پێشوو.

[48] مارتین، ل. ٥٨.

[49] M. Bauomi, Källa 37, s. 50

ب- دەوری زلـهێزەکان

سـەرۆککۆماری ئەمـریکا ڕیچـارد نیکسـۆن ساڵی ١٩٧٢ سەردانی ئێـرانی کـرد و شـای ئێـرانی بینی. شا داوای لە نیکسۆن کرد کە یارمەتی کوردەکان بدات. مەلیکی ئۆردون مەلیک حسین بووە هێڵی پەیـوەندی ئەمـریکا و بـارزانی. ئیسرایلیش ئارەزومەندی ئەوەی هەبـوو کـە یارمـەتی کوردەکان بدات.[50] هەموو ئەم هەوڵانەش بۆ ئـەوە بـوو کە سوپای عێراقی لاواز بکەن، نەک لە خۆشەویستیان بۆ کوردەکان، دیسان بەرژەوەندی.

لە ساڵی ١٩٧٤ دا کوردەکان ئەوەیان نەدەشاردەوە کە هاوکاری لە ئەمریکا و ئێران و تاڕادەیەکی کەمتر ئیسرایل، وەردەگرن. ئەمریکا لـەوە تـێ گەیشـتبوو کـە کێشەکە لەوە پێچاوپێچ ترە لەوەی کە لەسەرەتادا بیریان لێکردبووە. ئەمریکیەکان دەیانزانی کە مومکین نـیە کـوردەکان شـەڕەکە بـبەنەوە. ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ببووە نوختەیەکـی سـتراتیجی گـرنگ لـە سـەردەمی شـەڕی سارد دا. هەڤاڵـبەندی میسـر و سۆڤـیەت هەڵوەشایەوە لە ساڵی ١٩٧٢ دا. هەمـوو ئەو شارەزایە سۆڤیەتیانەی کە لە میسر بوون وەدەرنران. ئەمـەش دوای ئەوەی کە سەرۆکی سۆڤیەتی برێجنیف ڕازی نەبوو کـە هـەمان سـاڵ داگیرکـاری ئیسـرایل لەگەڵ سەرۆکی ئەمریکی نیکسـۆن بـاس بکـات.[51] ئـەم هەڵوێستەی میسر ڕێگای بۆ عێراق خـۆش کـرد کـە دەورێکـی باشـتری پـێ بـدرێت و دوای ئەوە بە ماوەیەکی کەم سۆڤیەت و عێراق پەیوەندیەکی بەهێزیان دامەزران. سالـی ١٩٧٣ شای ئێران سەردانی ئەمریکای کرد و نیکسۆنی بینی. شا هەوڵەکانی سۆڤیەتی بۆ نزیک کردنەوەی کوردەکان و بەعس و

---

[50] گزینگ ژمارە ٣١، ل. ٨.

[51] Redberg, s.206.

کۆمۆنیستەکانی بەبیر هێنایەوە و وەکو هەڕەشەیەک بۆ سەر خۆیانی دەبینی. شا مەترسی ئەوەی دەکرد کە کێشەی کورد لە جیاتی ئەوەی ببێتە نینۆکێک و لە چاوی سۆڤیەت و حیزبی شیوعی بچەقێت، ئەوان بۆ بەرژەوەندی خۆیان کەڵکی لێ وەرگرن. بۆیە جارێکی تریش داوای لە نیکسۆن کرد کە هاوکاری کوردەکان بکات.ئەوە بوو نیکسۆن بڕیاری دا کە لەو گەمەیەدا بەشداری بکات و بەشێوەیەک لە شێوەکان هاوکاری کوردەکان بکات. نیکسۆن لەوە گەیشتبوو کە شۆڕشی کوردەکان بەبێ یارمەتی ئەمریکا تێکدەشکێنرێت و ئەوەش ناڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر ئیستیقراری ناوچەکە و بەتایبەتیش ئێران کە هاوپەیمانی هەرە نزیکی ئەمریکا بوو لە ناوچەکەدا، دادەنێت.[٥٢]

کاتێک شەڕی ئیسرایل و عەرەب لە ساڵی ١٩٧٣ دا دەستی پێکرد، ئیسرایل پێشنیاری ئەوەی کرد کە کوردەکان هێرش بکەنە سەر عێراق بەو مەبەستەی کە بتوانرێت ڕێگا لە عێراق بگیرێت تا لە شەڕەکەدا بەشداری نەکات. بەڵام ئەو پێشنیارەی ئیسرایل لەلایەن ئەمریکاوە ڕەتکرایەوە. ئەوان مەترسی ئەوەیان دەکرد کە شەڕەکە ناوچەی تریش بتەنێتەوە . بارزانی دوو پێشنیاری ستراتیجی خستە پێش ئەمریکا. ئەویش ئەوە بوو کە ئەمریکا ساڵی ١٨٠ ملیۆن دۆلار بدات بە کوردەکان، بۆ ئەوەی ئۆتۆنۆمیەکی ڕاستەقینە بێننە دی، یانیش ٣٦٠ ملیۆن دۆلار بۆ ئەوەی بتوانن بناغەی دەوڵەتێکی سەربەخۆیی کوردی دامەزرێنن. بەڵام ئەمریکا ئەو پێشنیارانەی ڕەتکردەوە. لە نێوان ساڵی ١٩٧٣ و ١٩٧٥ دا کوردەکان بیست ملیۆن دۆلاریان لە لایەن ئەمریکاوە پێدرا.[٥٣]

---

[52] گزینگ ژمارە ٣١، ل. ٨.

[53] گزینگ ژمارە ٣٢، ل. ٩.

سۆڤـیەت لــەلای خۆیەوە کەوتە پروپاگەندە بەدژی شۆڕشی کورد بەوەی کە دەستکردی ئیمپریالیزمە. شیوعیەکانی عێراق درێژەیان بــە هاوکاریەکانــیان بـۆ ڕژێم دا و لە بەرەی نیشتیمانیدا مانەوە. عێراق و ئێرانیش لە ژێرەوە پەیوەندیان بەیەکەوە گرتبوو، کە نە تیجەکەی بە پەیمانی جەزائیر کۆتایی هات. ئەمریکاش بڕیاری دا شـوێن پێی ئێران هەڵبگرێت و هەموو یارمەتیە ئابوریەکانی خۆی بـۆ کـوردەکان ڕاوەسـتاند. لــە هەوڵــێکی بێ ئاکامانەدا بارزانی نامەیەکـی بـۆ کەیسـنجەر نووسـی و تـیادا وتی : » گەلەکــەم و شۆڕشــەکەمان خەریکــە دوچـاری هەڵــدێر دێــت و "هەموو لایەک خــۆیان بێ دەنگ کردووە" ئەمریکا بەرپرسیارییەتێکی ئەخلاقی و سیاسی هەیە لە بەرانبەر گەلی ئێمەدا. ئەوا ئێمە خۆمان دەخەینە بەردەستی سیاسەتی دەوڵەتەکەی ئێوە«.[٥٤]

بــارزانی گـومانی هەبـوو بەرانــبەر ئێـران بەڵام پێی وانەبوو کە ئەمـریکا بەتەنـیا بەجێـیان بهێڵــێ، چـونکە ئەو وڵاتە چالاکانە کـوردەکانی هــان دەدا کــە بـۆ ئۆتۆنۆمــی خــۆیان خەبات بکەن. کەیســنجەر پێی لەسەر ئەوە دادەگرت کە پەیمانی جەزائیر شتێکی مـوفاجەئە بووە بۆ ئەوانیش، بەڵام ناچێتە ئەقڵەوە و ئاسان نییە مرۆڤ بتوانێت بڕاو بەو قسانە بکات.

ج- دەوری ئێران و پەیماننامەی جەزائیر

ئێران کە بۆ خۆی کێشەی کوردی هەبوو لە وڵاتەکەیدا، باش لەوە تێگەیشــتبوو کــە ئاشتیەکی ڕاستەقینە لە نێوان کورد و عێراقدا و ئۆتۆنۆمــی بــۆ باشــووری کوردســتان، کاریگــەری دەکــردە سەر کــوردەکانی ڕۆژهــەڵاتی کوردســتان. هەربــۆیە بەنهــێنی بڕیاری

[54] www.obesrever.co.uk

ئــەوەیان دابــوو کە ئەگەر عێراق داخوازیەکانی ئەوان قبوڵ بکات ئەو لەگەڵیان ڕێکبکەون.

ســەددام حسێن بەوە بەناوبانگە کە تاکتیکی سەیر بەکاربهێنێت بۆ ئــەوەی دەســەڵاتی خــۆی بپارێزێت. ئەو سەرکردایەتی کودەتایی ساڵــی ١٩٦٨ کــردبوو کە سەرکەوتوترین کودەتا و دوا کودەتابوو هــەتا ئــیمرۆ. ســەددام نــاو بە ناو لەگەڵ کورد و کۆمۆنیستەکان پــەیمانی دەبەســت تا بتوانێت هەموو ئەو بەرهەڵستکاریانەی کە دەهاتــنە پێشــی تــەخت بکــات. ســەددام ڕازی بــوو بــەوەی کــە داخــوازیەکانی ئێــران جێــبەجێ بکــات لە پەیوەندی لەگەڵ کێشە ســنوریەکان. بەدزیــی کــوردەکانەوە ئــەو دوو وڵاتــە کەوتــنە دانوســاندن. لەکۆتایشــدا ســەددام و شــای ئێران لە کۆبونەوەی ئۆپــێک لــە جــەزائیر یەکتریان بینی و ڕێکەوتن. ئەوە بوو عێراق شــەتولعەرەبی دا بە ئێران و ئێرانیش هەموو هاوکاریەکانی خۆی بۆ کوردەکان وەستاند.

ئەگەر چی هەردوو لا بە پەیمانەکە دڵخۆش بوون بەڵام لە ڕاستیدا بــراوە ئێــران بــوو ئــەویش لــە سەر حسابی ئەو تراژدیایەی کە ڕوبــەڕوی کــوردەکان بــووەوە. ئێران چەکە قورسەکانی خۆیی لە باشــووری کوردســتان کێشــایەوە و کــوردەکان چەنــد خاڵــێکی ســتارتیجی ســەربازیان لەدەست دا و پاشان بڕیاری چەکدانانیان دا. بــۆ ئــەوەی کێشــەکە لەگەڵ شا دا باس بکات بارزانی چوو بۆ ئێران لە ١٠ مارسی ١٩٧٥ دا. ئەوە بوو سێ ڕێگایان خستە بەردەمی بارزانی کە هەڵیبژێرێت:

١- درێژە بەشەڕ بدات بەڵام بەبێ هاوکاری ئێرانیەکان.

٢- بگەڕێــتەوە بۆ عێراق کە لەڕاستیدا مانای تەسلیم بوونی دەگرتەوە.

٣- خۆی و پێشمەرگەکانی ڕوبکەنە ئێران.[55]

ئێـران سـنوورەکانی خۆی بەڕوی هەموو چالاکیەکانی سەربازیدا داخسـت و کـوردەکان تـا دەهـات گۆشەگیر دەکران و پەیوەندیان لەگەڵ دنیای دەرەوەدا سنوورد دار دەکرا.

بـارزانی و خێـزانەکەی و سـەرکردایەتی پـارتی لەگەڵ هەزارەها خێـزانی تـری کورد پەنایان بردە بەر ئێران. بە مەزەندە لە مانگی گوڵانی ١٩٧٥ دا زیاتر لە سێ سەد (٣٠٠٠٠٠) هەزار پەناهندەی کورد لـە ئێـران گیرسابوونەوە. بەشێکی زۆری پەناهندەکان لە هەمان ساڵـدا گەڕانـەوە بـۆ عێـراق پـاش ئـەوەی کە لەلایەن عێراقەوە لێبوردنـیان بـۆ دەرکـرا. بەشێک لەوانە ڕەوانەی خواروی عێراق کران.

ئەو گەلەکۆمەکیە ناوچەیی و نێونەتەوەییەی کە لە دژی کورد کرا وای کرد کە تەنانەت شاخەکانیش نەیانتوانی بیان پارێزن. کورت و کورمانجـی کـوردەکان کـرانە مقاشـێک و بەکاریانهێـنان لـە ڕۆژهەڵاتی گرگرتوودا. پەیمانی جەزائیر لێدانێکی جەرگبڕ بوو بۆ کـورد بـەڵام نەبووە دەرسێک بۆیان. دوای ئەو تراژدیا نەتەوەییە چەند جارێکیتریش مێژوو خۆی دوبارەکردەوە.

٤ - ئەنجام

هـەروەک لەم نووسینەدا بینیمان کە دەوڵەتی عێراق و لە بابەتی ئـەو چۆن لەسەر کەلاوەکانی شەڕی جیهانی یەکەم دامەزرا و چۆن کوردستان دابەشکرا و لەچ ڕەوشێکدا باشووری کوردستان (موسڵی کـورد) لکێنـرا بـەو وڵاتـە تـازە بنیاتنـراوەوە. دەسـەڵاتدارانی کۆڵـۆنیالیزم بەتایـبەتی بەریتانـیا ناوچـەی ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـتیان لـە سـترکتۆلتۆرێکی نادیـار و پڕ کێشەدا لەدوایی

[55] Khalid, s. 57

خۆیان بەجێ هێشت. ئەمەش بووە هۆی سەرهەڵدانی گرفتی کۆمەڵایەتی، کلتوری، ئێتنیکی و سنووری لە ناوچەکەدا، چونکە بەریتانیا و فەرەنسا گوێیان بە خواست و هەستی نەتەوە و ئینتیمای ئەو گەلانە بۆ سەر دین و جیاوازیە کلتوریەکان نەدا.

پێش تریش لە کوردستاندا شۆرش بە دژی نەیاران و داگیرکەرانی کوردستاندا بەرپاکرابوون، کە هۆکاری دینی و ئێتنیکی لە پشت ئەو شۆڕشانەوە بوو. سەرکردایەتی ئەم شۆڕشانە زیاتر لە لایەن کەسایەتیە دینی و عەشیرەیەکانەوە دەکرا، بەڵام لەدوای سەرەتای ١٩٠٠وە پارتی سیاسی و کەسایەتی ڕۆشنبیری کورد کە کەوتبوونە ژێر کاریگەری ناسیۆنالیزمی ئەوروپاییەوە تێکەڵ بە شۆڕشەکان بوون و نەخشی گرنگیان گێرا. ئەو چوارچێوە سیاسیانە هەستێکی نەتەوەییان دا بە شۆڕشەکان و ئامانجی سیاسی ڕەنگ و ڕوی شۆڕشەکانیان گۆری.

شتێکی شاراوە نیە کە ئەو وڵاتانەی کە دەسەڵاتی سیاسیان هەیە بەسەر گەلی کورد دا لە پرنسیپە دیموکراتی و ئینیستیتشونی دیموکراتی بێ بەرین. بۆ نمونە تورکیا لەگەڵ ئەوەی کە دەیەوێت ببێتە ئەندامی یەکیەتی ئەوروپا، بەڵام ڕازایی نابێت دان بنێت بە هەبوونی کورد دا. سوریا مافی هاوڵاتی بوون بە سەدەها هەزار کورد نادات. ئێران و عێراق دان دەنێن بە هەبوونی گەلی کوردا دا، بەڵام کێشەی کورد لەو وڵاتانەدا تائێستاش هەر بە چارەسەر نەکراویی ماوەتەوە.

زۆربەی کێشەکان بنەمای ئێتنیکی و دینی و کۆمەڵایەتی و گرێدراوی خاکیان هەیە. ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نمونەیەکی هەرە چاکی ئەو جۆرە کێشانەیە. کێشەی کورد و فەلەستینی دوو کێشەی ئاگراوی ناوچەکەن کە لە بنەڕەدا کێشەیەکی نەتەوەیی و داگیرکردنی خاکەکەیانە.

گەلی کورد پەنای بردۆتە بەر شەڕی ئازادیخوازنە چونکە دامودەستگا و یاسا بنگیەکانی ئەو وڵاتانە بۆشاییان بۆ خەباتی سیاسی نەهێشتۆتەوە.
گۆڕانی سیستەمی عێراق لە مەلیکیەوە بۆ کۆماری ، گوڕ و تینێکی نوێی دا بە گەشەکردنی ناسیۆنالیزمی کوردی کە کەوتبووە قۆناخی مت بوونەوە، دوای ئەوەی بارزانی مستەفا پەنایی بردە بەر سۆڤیەت لە ساڵی ١٩٤٧ دا. کاتێک بارزانی گەرایەوە بۆ عێراق و کوردستان لە لایەن دەوڵەتی نوێوە وەکو سەرۆکی کورد و پارتی دیموکراتی کوردستان ناسرا. لە یاسای کاتی عێراقدا دان نرا بە گەلی کورد دا وەکو نەتەوەیەکی سەربەخۆ. بەڵام ئەم هەڵوێستانەی عێراق زۆر دەوامیان نەکرد بەڵکو شەڕێکی خوێناوی لە بەینی کورد و عێراقدا دەستی پێ کرد کە تاساڵی ١٩٧٥ خایاند. هەزارەها لە خەڵکی کورد و عەرەب بوونە سوتەمەنی لەو شەڕەدا. شانبەشانی شەڕ گەلێک هەوڵی سەرنەکەوتوو دارن بۆ ئاشتی. هەرەوەک بینیمان ئێران و ئەمریکا بۆ بەرژەوەندی خۆیان خۆیان تێگەڵ بە کێشەکە کرد بە پلەیی یەکەم بۆ لاوازکردنی عێراق کە ئاگری بن کایی زۆربەی کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە. ئێران یارمەتی کوردەکانی دەدا بۆ ئەوەی عێراق ناچار بکات شەتولعەرەبی بداتێ. شۆڕشی کورد پشتی لە زەوی درا دوای ڕێکەوتن نامەی جەزائیر. کوردەکان ئەمریکا و ئێران و زلهێزەکانی تر تاونبار دەکەن بەوەی کە " لە پشتەوە خەنجەریان لە شۆڕشی کورد دا"، ئەویش لە گەلەکۆمەکەیەکی نێونەتەوەیدا.
بەڵام کورد دەرسی لە تەڵەکەبازی ئەو وڵاتانە بەتایبەتی ئەوانەی پێیان دەڵێن بەرودراوسێ، وەرنەگرت و مێژوو جارێکی تریش خۆیی دوپات کردەوە. لە ساڵانی هەشتاکاندا جارێکی تر پشت بە ئێران بەسترا، ئەمجارەیان تارادەیەک بە خواسی خۆیان ئەم

کارەیـــان کــرد، چــونکە لەکۆمۆنیستەوە بگرە تا ناسیۆنالیست و ئیســلامیەکان پەیــوەندیان لەگــەڵ ئێــران گــرێدا و خــۆیان کردە بەشێک لە شەڕی ئێران و ئێراق.
ساڵێک بەسەر هەرەسی شۆڕشی ئەیلوول دا تێنەپەری کە خەباتی چەکــداری لە کوردستاندا دەستی پێکردەوە .گەلێک گروپ و لایەن بەشــدرایان کرد و ئەسپی خۆیان تاودا، بەڵام مارتین ڤانبرۆنسین وتەنی ئەم جارەیان تەنها بۆ " ڕزگارکردنی کوردستان" نا، بەڵکو بــۆ ئەوەی کێ ئازا بێت و جێگای مستەفا بارزانی بگرێتەوە، بەڵام هەمــوو هەوڵــەکانیان بێهودە بوو، چونکە هیچکامیان نەیانتوانی جێگای بارزانی پڕبکەنەوە.

## ٥ – سەرچاوەکان

کتێب:


1. Kung Olof Anders & G. Tandberg, Jordens förtryckta teniska minoriteter.(Stockholm 1970)
2. Zeidler-Blomberg Beatrice, Mellanöstern i Irakkrigets skuga. Utrikespolitiska institutet 1991.
3. E Long David and Reich Bernard, the government and politic of the Middle East and North Africa. (Westview, press 1995).
4. McDowall David, a modern history of the Kurds. (London 1997).
5. Det glömde kriget-Raport från irakiska Kurdistan,Utgiven av svenska kurdkommiten (Stockholm 1967).
6. Faktaseria nr 7-2001, filket som får inte finnas.Ung vänster.
7. Rydberg Ingvar, de arbiska revolutionerna(Stockholm 1975).

**8. Kahlid. Khalid, Den kurdisk irakiska konflikten. (Forsta upplaga Sollentuna 1988).**
**9. Sheikmous Omar, kurdernas kamp för självstyre. Världspolitiska dagsfrågor nr 11 1991.**
**10. Alakom Rohat, svensk-kurdisk kontakter under tusen år.(Stockholm APEC tryc AB).**
**11. Solidartet, antifascistisk årsbok (Ann Marie Fredning – Memo Yrtkin) 1969.**
**12. Tägil Sven (urg), konflikt och samarbete vid persika viken (Burhanedin A Yasin). Lund University press 1992).**
**13. Wallström Tord, bergen är våra enda vänner. (Stockholm 1975)**
**14. A Malik Zuhair, questions & and answers on Kurds and Kurdistan, Stockholm 1999.**

**١٥- جەمال نەبەز، کوردستان و شۆڕشەکەی، کوردۆ عەلی کردویەتی بە کوردی، چاپخانەی ئازاد، ستۆکهۆلم ١٩٨٥.**
**١٦- مارتین ڤانبرۆنسین، ئاغا و شێخ و دەولەت، کوردۆ عەلی کردویەتی بە کوردی، چاپی دووەم، کوردستان- سلێمانی، چاپی سەردەم.**
**١٧- کاژێکنامە، ١٩٦٨، ئەلمانیا.**
**١٨- مەحەمد ئەمین زەکی، کورد و کوردستان، بەغدا ١٩٣١.**
**١٩- ڕەفیق سابیر، ئیمپراتۆریایی لم، ڕابوون ٢٠٠٠.**

**گۆڤار و ڕۆژنامە:**
**١- گزینگ ژمارە ٣١ و ٣٢ ، ٢٠٠١ سوێد.**
**٢- سەرخۆبوون ژمارە ٦- ٧ – ٢٠٠٠ هەولێر- کوردستان.**
**3. Kurdistan rapport nr: 23 juni 1997.**
**4. Multisehnica nr: 26-27 juli 2000.**

www.kurdistannet.org

ئینتەرنێت:

www.obeserver.co.uk
www.arbetarmakt.com
http: // home.swepnet.se

ناونیشانی ئەم نووسیەنە بە سوێدی

**Kurdistans kamp för frihet**
**Den kurdiska revolutione 1961-1975**

**2002**

www.kurdistannet.org
کوردستان نێت